زاگـرۆت (زاگـرۆس) ییـەکـان بە ڕێبەرێتیی «چیتران تۆو» ڕاپەڕین و بەرهەڵستکاری حکومەتی داریووشیان کـرد. چیـتـران تۆو خـۆی وەک کـەسایەتییـەک لە بنەماڵەی «هۆخشەترە» شای پێشووی مادەکان دەناساند و حکومەتی خۆی سەربەخۆ کرد، بەڵام لەشکری داریووش هێرشیان کردە سەری و تێکیانشکاند. چیتران تۆو گیرا و پاش ئەشکەنجە لە شاری ئەربل لەداریان دا. ئەربل ئەوکات وەک بەشی گەرمێنی زاگرۆس بووە. چیتران تۆو بەمانای وێنە و نموونەی ڕەگەز بووە).

پێکدادانی چیتران تۆو (تۆم) لەگەڵ داریووش و لەشکرەکەی لە نێوچەی «نیسایی» (مایدەشت) ی ئێستا ڕوویداوە (نێوان کرماشان و شائاوا). تاپۆی لەبەرد تاشراوی چیتران تۆو لەبەردەنووسی بێستوون هەیە. شێوەی ئەم تاپۆ وەک کورد دەچێ. ئاشوورییەکان نێوی «زاگارتی» یان، بە «زاگرۆتی» و «زیگرتوو» نووسیوە. هەر ئەم بەشە (زاگرۆتی) بە شێوەی زاگرۆس لەلایەن یۆنانییەکانەوە بەسەر کوێستانی نیشتمانی ئەم نەتەوە، یان مادەکان دا نێوی براوە.

کوێستانی زاگرۆس سەرتاسەری نێوچەی کرماشانی داگرتووە و **گرینگترین بەرزاییەکانی بریتین لە ڕیزە کێوەکانی داڵاهۆ لە ڕۆژاوای کرماشان کەکاتی خۆی بەدارسانی چڕ داپۆشرابوو. بەرزاییەکانی نووح لە باشووری داڵاهۆ هەڵکەوتوون. تەنگەی پاتاق لەنێوان ئەم دوو ڕیزە کێوەدایە.**

کۆساری بێستوون و پەراو لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کرماشانەوە دەستپێدەکا و پاش شاخی تاق وەسان (یادگاری مێژوویی و دەستکردی فەرهاد) بەرەو ستانی سنە (کوردستان) و کامیاران و شاخی ئاژوان و ناوەڕوەند هەڵدەکشێ. ئەم ڕیزە شاخە، هەمـوو بەردەڵان و سەخت و ڕژدن و لێرەواریان دارسانی لێنارۆێ، مەگەر لە بنارەکان.

ڕیزە کێوەکانی ئەڵوەند کە زۆر بەرز و کوێستانین، لەلایەک تێکەڵی **چل چەمە لە ستانی سنە** دەبن و لەلایەکی دیکەوە بەرەو نیاوەند (نەهاوەند) و بروویەرد (بروجرد) و بەختیاری ڕادەکێشن. ئەم کۆمەڵە شاخانە لەنێوچەی سونقور (سنقر کولیایی) یەکجار سەخت و قایمن. یەکێک لە بەرزاییە بڵندەکانی زاگرۆس، ڕیزەشاخی «شاهۆ» یە کە لەڕۆژهەڵاتی شاری پاوە و جوانڕۆ سەریهەڵداوە. چۆمی پاوە و دووریسان و شمشێر لەم بەرزاییانەوە سەرچاوە دەگرن. **زنجیرەچیای شاهۆ، لە باکووری ڕۆژاواوە بەرەو باکووری ڕۆژهەڵات دەستپێدەکا و تا باکووری شاری ڕوانسەر - بە درێژایی ٥٥ کیلۆمێتر و پانتایی نێوان ١٠-١٥ کیلۆمێتر درێژەی هەیە.** بەرزترین کووتکەی شاهۆ کە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی ئاوایی «شەمێز» خۆدەنوێنێ. کێوی «ئاتەشگا»، ڕیزەشاخێکە لە شاهۆ جیابووەتەوە و کەوتووەتە نێوان پاوە و جوانڕۆ. ئاورگەی گەورەی زەردەشتییەکان سەدان ساڵ

(دووەمین ئاورگەی ئایندارانی زەردەشت)، بەگری بەتینی خۆی، دڵ و دەروونی بڕوامەندانی ئەم ئاینە ڕووناک و گەرم دادەگرێ. پاش هێرشی عەرەب بۆ ئەم نێوچەیە، نێزیک هەشت سەت ساڵ پێش، ئەم ئاورگەیە وێراندەکرێ. بەشێکی کەم لە ئاسەوارەکەی هەتا ئێستا هەرماوە.

لەنێوان ئەم کوێستانانەدا دەشتە بەپیت و بەرەکەتەکانی ستانی کرماشان هەڵکەوتوون کە بریتین لە دەشتی: کەنگاوەر، دەشتی سەهنە و کرماشان، مایدەشت و هەروەها دەشتەکانی سەرپێڵی زەهاو و قەسری شیرین و دەشتی نیسایی کە لە بەردەنووسی ئاشوورییەکاندا بە دەوروبەری کرماشان واتە مایدەشتی ئێستا گوتراوە. وشەی «نیسە» لە کرماشان و دەوروبەری بە نسار و نزار دەگوترێ. عەرەب پاشتر بەسەرجەمی نێوچەکە «سەواد» یان گوتووە کە بە مانای ڕەشایی و تاریکییە و نیسە و نسار (نسێ) و نزار دەگرێتەوە. بەشی گەرمێنی ئەم نێوچەیە، ئەربل و کەرکووک و خانەقین و قەسری شیرین بووە کە کەوتووەتە لای خوارووی ئەم نێوچەیەوە.

داریووش شا لە بەردەنووسی بێستوون دا باسی کوشتنی گاماد دەکا و دەڵێ: «ئەمن لەگەڵ چەندین پیاوی دیکە، گئوماد و پیاوەگەورەکانی دەوروبەرم کوشتن لە قەڵای سیکی وەرئێش، لە جێگەیەک لە نیسایی لە وڵاتی ماد لەوێ کوشتنم و شایەتیم لێ ئەستاندنەوە لەسەر ویستی ئەهورامەزدا. ئەهورامەزدا شایەتیی دا بە من!».

دەشتی نیسایی بە پەروەردەکردنی ئەسپ لە کۆنەوە ناوبانگی هەبووە. سوارچاکی

ئەم نێوچەیە لەزۆربەی لەشکرکێشییە مێژووییەکاندا دەوری گەورەیان گێڕاوە. لەنێزیک شاری پاوە شوێنەواری پەروەردەکردنی ئەسپ تائەم سەردەمە «مەرەسپان» (ئەشکەوتی کۆکردنەوە و پەروەردەکردنی ئەسپ)، یان گوندی «ئەسپەرێز (ئەسپی بچووک)، پێشاندەری گرینگی ئەسپ لە شەڕ و لەشکرکێشی دەورانی کۆن دەردەخات. **بە هەڵکەوت نییە کە، کاک مەحموود دەوڵەت ئابادی لە ڕۆمانی بەنێوبانگی (کلیدر) دا باسی ئەسپی هەورامان دەکا.**

هەڵکەوتنی کرماشان لەسەر ڕێگەی مێژوویی، یەک لەو هۆیانە بووە کە هێرش و پەلاماری داگیرکەران بۆ سەر ئەم نێوچەیە، بەدرێژایی مێژوو دەوامی هەبووە. لە لۆحە بەجێماوەکانی ئاشووریدا باسی ئەم "بۆ لاپەڕە ١٨"